# ئێران لەلێواری گۆڕانكاریدا..!؟

سەروەر كەریم



دوابــەدوای پرۆســەی داگیر كــاری عێــراق، لــە لایــەن ئــەمریكاو هاوپەیمانەكانیــەوە بــەڕەسمی داگیركردنی عێراق سەپێنراونەتەوەیەكگرتووەكانیش قبوڵیان كرد، ئەو هەنگاوە بوو، كە ئەمریكا جارێكی تر دەسەڵاتی تاك رەهەندی خۆی بەسەر جیهانو نەتەو یەكگرتووەكاندا سەپاند، لەبەر ئەوەی بەر لە روودانی كارەساتی ١١ی سێپتەمبەر، كێرڤی ئەمریكا لە كۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرەو خوار دەهات، بە جۆرێك لە جۆرەكان سیاسەتەكانی لەنێو كۆمەڵگای نێودەوڵەتیو وڵاتانی خۆرهەڵات روو بەڕووی تەنگەژەو ئاستەنگەو فەشەل دەبووەوە...

دیـارە ئەمـەش كـارێكی قـورس بـوو، چـونكە لـەدوای هەرەسـهێنانی بلـۆكی خۆرهـەڵاتو تـاك جەمسەری بوونەوەی دەسەڵاتی ئەمریكی لە دنیاداو بوون بە رەقیبی بێ بەرامبەرو دەست خستنە ناو كێشەكانی دنیاوەو شكاندنەوەی بە قازانجی خۆیو تۆڵە كردنەوەی لەو وڵاتانەی لە سەردەمی جەنگی سارددا سەر بە بلۆكی خۆرهەڵات بوونو دژی بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا بوون.. هەر بۆیە ئەمریكا كەوتە هەنگاونان بۆ كۆمارە لەبەر یەك هەڵوەشاوەكانی یەكێتی سۆڤیەت جارانو نانەوەی كێشەی نەتەوایەتیو دروستكردنی شەڕی ناوخۆییو دواتر خۆشی كردە حەكەمی ئەو شەڕانەو هێنانی هێزی سەربازیو دانانی چەندین بنكەی سەربازیو چاودێری كردنی بەرژەوەندییەكانیو سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەو وڵاتانەدا.

بڵاوبوونـەوەی هێـزی زۆری سـەربازی ئەمریكا لەو ناوچانەداو وردە وردە پەلهاویشتن بـۆ ئاسیای ناوەڕاسـتو خۆرهـەڵات بـە گشتیو نزیـك بوونـەوە لـەو دەوڵەتانـەی دژی سیاسـەتی ئەمریكان بوون لە رابـردوودا... هەرچـەندە ئـەمریكا بـەر لـە ١١ی سـێپتەمبەر بـە هـەموو شـێوەیەكـو لـە رێگـەی گروپـە مەزهەبیـەكانی نـاو ئەفغانستان دژایـەتی دەسـەڵاتی ئەفغانـستانی دەكـرد، چـونكە دەسـەلاتی ئەفغانـستان پاشكۆی یەكێتی سۆڤیەت بوو.

ئـەو هاوكارییانـەی ئـەمریكا بـۆ گروپـە ئیـسلامییەكانی ئەفغانـستان هـەتا هەرەسـهێنانی سـۆڤیەت درێژەی كێشاو حكومەتی ئەفغانستانیش روخێنـدراو گروپـە ئیـسلامییەكان دەسـەڵاتیان گرتـە دەسـت.. بـەڵام هێنـدەی نـەبرد گروپـەكان لـەناو خۆیانـدا كەوتنـە شـەڕو نـاكۆكیو ئـەو وڵاتـەیانكردە كـەلاوە..

هەرچەندە ئەمریکا دەیویست لە ڕێگەی ئەو گروپە ئیسلامیانەوە لە ئێران نزیک ببێتەوەو قەرەبووی شکستی خۆی لە شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی ئێران بکاتەوە.. بەڵام لەم هەوڵەیاندا سەرکەوتوو نەبوو، چونکە زۆربەی گروپەکان بەلای ئێراندا دایانشکاندو خواستەکانی ئەمریکاش وردە وردە بەرەو لەبارچوون دەچوو، بۆیە کەوتە ئەوەی هاوکاری ڕێکخراوی قاعیدە بکات، تا لە ڕێگەی ئەو ڕێکخراوەوە دەست بەسەر ئەفغانستاندا بگرێتو لە نەیارەکانی (ئێرا ، هندستان ، چین ، کۆریای باکورا) نزیک بێتەوە.. ئەم کارەشی هەنگاوێکی نوێ بوو توانی لە ماوەیەکی کەمدا بزوتنەوەی تاڵیبان بە هاوکاری ئوسامە بن لادن و ڕێکخراوی قاعیدە بکاتە حاکمی ئەفغانستانو هەوڵیش بدات شەرعیەتی نێودەوڵەتی بۆ وەربگرێت.. گەرچی تاڵیبانو قاعیدە لە سەرەتاوە لەژێر پەرچەمی سیاسەتەکانی ئەمریکادا دەستیان بۆ ئەو سیاسەتە برد، کە جەنگ دژی ئێران هەڵبگیرسێنن‌و بیهێننە ناو یاریەکەوە، بەوەی دەستگرتن بە سەر سەفارەتی ئێرانداو کوشتنی کەسەکانی، بەڵام ئێران زیرەکانە کاری کردو نەچووە ناو یاریەکەوە بەمەش ئەمریکا لەم پیلانەی شکستی هێنا لەوەی بتوانێت لە ڕێگەی تاڵیبانەوە دەست بخاتە ناو کاروباری ئێرانەوە.. لە لایەکی تریشەوە کێشەی هەڵپەسێراوی عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکانو چڕبوونەوەی ئەزمەکانو ئەگەری گەڕانەوەی عێراق بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی‌و لابردنی گەمارۆی ئابوری، یەکێکی تر بوو لەو گرفتانەی روو بەڕووی سیاسەتەکانی ئەمریکا بووەوە لە ناوچەکەداو داواکاری روسیاو چین‌و فەرەنسا بۆ سووک کردنی گەمارۆی سەر عێراق.

ئەوانە هەموو ئەو گرفتانە بوون کە روو بەڕووی سیاسەتی ئەمریکا ببوەوە، بۆیە ئەمریکا بەشوێن پلانێکی نوێدا دەگەڕا کە چۆن هەیمەنەی خۆی بەسەر جیهاندا لەدەست نەداتو وەک تاکە زلهێزی دنیا بمێنێتەوە.. ئەو ڕەوشەش تا ڕوودانی کارەساتی ١١ی سێپتەمبەری خایاند، بە ڕوودانی ئەو کارەساتە جارێکی تر کێرڤی ئەمریکا بەرەو سەرەوە کشا.. ڕەنگە ڕوودانی ئەو کارەساتە بۆ خۆی هەنگاوێکی نوێ بووبێت بۆ ئەوەی ئەمرکا بە تەواوی پیلانەکانی خۆی جێبەجێ بکاتو جیهانیش بەشوێن خۆیدا رابکێشێت.. هەر بۆیە کەوتە هەڵڕشتنی وتەزای جۆراوجۆر لە بارەی ترسناکی تیرۆرو ئاگادار کردنەوەیەکیش بوو، کە بە گوێی جیهانیدا دا، بەوەی ئەوەی لە بەری ئێمەدا نەبێت، لە بەرەی تیرۆردایە، بەمەش زۆربەی وڵاتانی جیهانی بۆ لێدانی ئەفغانستان کۆکردەوەو لە ماوەیەکی کەمدا دەسەڵاتی تاڵیبانی هاوردەی خۆی رووخاندو دەسەڵاتێکی خوازیاری خۆی تێدا دامەزراند، داگیرکردنی ئەفغانستان کردنەوەی دەرگایەکی گرنگ بوو، بۆ ئەمەریکاو گەیشتنی بە ئاسیای ناوەڕاست، دوای ئەوەی پێگەی خۆی لە ئەفغانستان چەسپاند، کەوتە خۆی بۆ ئەوەی شکستی خۆی لە جەنگی کەنداو بەرامبەر بە عێراق بکرێتەوەو، ئەم هەنگاوەش کاری لەسەر کراو وردە وردە هێرشی ڕاگەیاندن کرایە سەر عێراق بەوەی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان جێبەجێ ناکاتو هەوڵیدا هاوپەیمانییەکی وەک ئەوەی جەنگی دووەمی کەنداو لە دژی عێراق کۆبکاتەوە، هەر چەندە ئەمریکا لەمەیاندا وەک ئەفغانستان‌و ساڵی

١٩٩١ عێراقی بۆ نەچووە سەر، بەڵام لە عێراقی داو ئەویشی داگیرکرد، وەک لە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد ئەو بڕیاری داگیرکردنەشی لە نەتەوە یەکگرتووەکان چەسپاندو حکومەتی خۆی دامەزراند.

هەرچەندە کێشەی عێراق تا ئێستا کۆتایی نەهاتووەو کێشەی تایفیو مەزهەبیو ئەتنیکی بە توندترین شێوە بوونی هەیەو شەڕی مەزهەبی لەنێوان (شیعەو سوننە) بەردەوامە، عێراق بووەتە مەیدانی جەنگی هەمەڕۆژەو خەریکە سیاسەتەکانی ئەمریکا بەرەو شکست دەبات. بەڵام ئەمریکا بە جیا لە کێشەی عێراق کاری لەسەر سوریاو لوبناو ئێرانیش کردووەو هەوڵو نەخشەی هەمەجۆری داناوە بۆ گۆڕینی ئەو حکومەتانەو دەستگرتن بەسەریاندا.

هەڵگیرساندنەوەی جەنگی ئیسرائیل – لوبنانو فشار خستنە سەر سوریا بۆ کێشانەوەی هێزەکانی لە لوبنانو دەرکردنی سوریاو دروستکردنی فشاری جدی لەسەر ئێران بۆ دەست هەڵگرتن لە کورە ئەتۆمیەکانی.. تەواوی ئەو کێشانەیە، کە ئەمریکا ئەمڕۆ لە ناوچەکە بەڕێوەی دەباتو کار بۆ بەسەمەر گەیشتنی دەکات.

لەگەڵ ئەوەی ئەمریکا زۆر پەلەیەتی لەوەی کە ئێران نەگات بە تەواوکردنی کورە ئەتۆمییەکانیو پیتاندنی یۆرانیۆم لە ئاوی قورسدا، چونکە ئەمریکا ئەوە بە خەتەری گەورە دەزانێت بۆسەر خۆیو هاوپەیمانە هەمیشەییەکەی کە ئیسرائیلە. بۆیە ئەمریکا لە هەوڵی پەلەدایە، تا بە نزیکترین کات لێدانی کاریگەر لە ئێران بداتو بیڕوخێنێت.. ڕەنگە لێدانو رووخاندنی ئێران بۆ ئەمریکا لە ئێستادا لە پێشترین کارەکانی بێت، گەرچی ئەمریکا تا ئێستا کێشەکانی ئەفغانستانو عێراقی بەبێ چارەسەر هێشتووەتەوەو دەشیەوێت لە ئێران بداتو لە ڕێگەی یارمەتیدانی معارەزەی ئێرانیو فشار دروستکردن، گەرچی لە خاڵی کۆتاییدا ئەمریکا زۆر پشت بە معارزەش نابەستێتو دەیەوێت لە ڕێگەی لێدانی راستەوخۆوە، لە بنکە ئەتۆمیەکانیەوە، ئێران بڕوخێنێو ئەوەش ستراتیژی ئێستای ئەمریکایە بۆ رووخاندنی ئێرانو سڕینەوەی ئەو مەترسیەی کە هەیەتی لە بەدەستهێنانی یۆرانیۆمی پیتێنراو لە ئاوی گەرمدا، کە قورسترین جۆری یۆرانیۆمە.

بە رای من ئەمریکا زۆر پەلەیەتی لە رووخاندنی ئێرانو گەیشتن بە مەرامەکانی خۆی لەم ناوچەیەداو، کوردستانیش بێبەری نابێت لە پڕیشکی ئەو جەنگە، چونکە ئەمریکا دەیەوێت لە دوو میحوەرەوە لە ئێران بدات تورکیاو هەرێمی کوردستان.. بە هەڵگیرساندنی ئەو جەنگەش ڕەنگە خەڵکی کوردستان دووچاەری زەرەر بنو پڕیشکی ئاگری ئەو جەنگەیان بەربکەوێت. بۆیە دەبێت عەقڵی سیاسی کورد، زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو ئەگەرانەدا بکاتو ستراتیژی خۆی هەبێت، لەکاتی روودانی جەنگەکەدا.. نابێت بەبێ پێشبینی کردنی ترسناکی ئەو جەنگەو بوون بە مەیدانی جەنگ ئاگاییەکمان نەبێتو ستراتیژمان بۆ داهاتوو نەبێت.

٢٠٠٧/٣/١٥